# هۆنراوەی لیریکیی کوردی

نووسینی: بازیل نیکیتین
لە فەرەنسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا[*]


LA POÉSIE LYRIQUE KURDE

ئەوەی وا بە تایبەتی سەراسیمەمان دەکا کاتێك لە ئەدەبی کوردی دەکۆڵینەوە، کوردناسێکی سۆڤیەتی گوتەنی، جۆرێك لە ((لێشاوی فۆلکلۆری))یە. سەرچاوەی ئەم فرە فۆلکلۆرییە – وەك ئەو دەڵێ– لە سۆنگەی ئەو نەخوێندەوارییە بەرفراوانەوە بووە کە لەناو ئەم گەلەدا باوە، نەخوێندەوارییێك کە –لە بڕێك حاڵەتدا– وەك ئەوەی لای ئێزیدییەکان هەیە بە نموونە، دەگاتە ئەوەی لە ڕێی یاسای ئایینی کۆمیۆنیتەوە بسەپێنرێ، بەو جۆرەی کە ڕێنوێنییەکان ئیمتیازی خوێندەواری هەر تەنیا بە گرۆیەکی ئایینی دەبەخشن.

ئەگەر لە لایەنی موسلمانێتیی کوردەواری بکۆڵینەوە، هەست بەوە دەکەین قوتابخانە ئایینییەکان لە کوردستان ژمارەیان زۆرە[**]، بەڵام هەموو ئەم دامەزراوە قوتابخانەییيانە پێشتر و ئێستاش بۆ زۆرینەی خەڵك هەر تەنیا قوتابخانەی مەزهەبین، قوتابییەکان فێری پراتیکی ئایینی ئیسلام دەکەن. دەرس‌وتنەوە لەم قوتابخانانە بە زمانی عەرەبی (زمانی لاتینی ئیسلام)ە و بە کوردی نییە. شارەزابوون لە چەند ڕستەیەك بەم زمانی پەرستنە وەك ئەوە وایە شارەزایییێکی زانایانە بێ. مزگەوت لە زەینی کوردەکانی تورکیادا لەگەڵ قوتابخانەدا تێکەڵ دەبێ.

کوردەکانی ئێران وا وێدەچێ زیاتر لە چەمکی پایەی زمانەکەیان گەیشتبن، وەك ئەوەی لەناو بەڵگەی دیکەدا گەواهیی بۆ دەدەن، ئەوە ڕاگەیاندنی پەرلەمانتارێکی کوردە لە پەرلەمانی تاران: ((ئەگەر زمانی فارسی ون بوو، ئەوا دەتوانین بە پەنابردنە بەر وشەگەلی پاکی ئێرانی کە ئەویش زمانی کوردییە دووبارە دروستی بکەینەوە)).

هەرچی تایبەتە بە وانەوتنەوەی زمانی کوردی، تەنیا دەتوانین باسی عێراق و ئەرمەنستانی شوورەوی بکەین، کە کەمینە نەتەوەی کورد بڕێك سەربەخۆیی کولتووریی تێدا بەدەست هێناون. بە پشتبەستن بە بڕێك دەستاوێژی ناتەواو، (٢٦) قوتابخانەی

---

[*] سکرتێری ئەکادیمیای کوردی– هەولێر.

[**] جاران دوو جۆر قوتابخانە لە کوردستان هەبوو: ١. سوختەخانە (حوجرە) کە ئەمە زیاتر لە تێرمی قوتابخانەی نائایینییەوە نزیك بوو و دەرچووەکانی دوای خوێندنێکی کەم دەبوون بە میرزا و نووسەرانی دیوەخان ... هتد، ٢. قوتابخانەی مزگەوت. لەم مزگەوتانەدا قوتابی زیاتر زانیاریی شەریعەت و ڕێزمانی عەرەبیی دەخوێند و دواتر ئەگەر تەواوی بکردبایە، بڕوانامەی مەلایەتیی وەردەگرت و دەبوو بە مەلا (بڕوانە: عەبدولرەزاق بیمار، "حاجی قادری کۆیی قوتابییەکی بەهرەدار"، نووسەری کورد، خولی یەکەم، ژمارە ٥، کانوونی دووەمی ١٩٧٢، ل٣٣–٣٨). (وەرگێڕ)

سەرەتایی و یەك قوتابخانەی ناوەندی لەگەڵ (١٤٧١) قوتابی‌دا لە عیراق هەیە، واتە -کەم‌وزۆر- کەمتر لە سەدا دووی دانیشتوانی کورد لە لیوایەکانی سلێمانی، کەرکووك و ئەربیل. دەتوانین چەند دە قوتابییەکی کوردیش کە لە قوتابخانەی خوێندنی باڵا دەخوێنن لە بەغدا بۆ ئەم ژمارەیە زیاد بکەین. لە ئەرمەنستان، بۆ دانیشتوانێکی کوردی هەمان سەردەم و نزیکەی هەشت جار کەمتر لەوەی وا لە عیراقدا هەیە، (٤١) قوتابخانەی سەرەتایی لەگەڵ (١٤١٩) قوتابی‌دا، واتە تا ڕادەیەکی زۆر هەر هەمان ئەو ژمارەیە کە لە عیراق هەیە! سەرباری ئەوە، قوتابخانەیەکی ناوەندیی حەوت پۆلی و ئەنستیتووتێکی مامۆستایان لە یەریڤان (١٦١ قوتابی، لە ساڵی ١٩٣٤دا) کرایەوە. کتێبی قوتابخانەیی و کتێبەکانی خوێندنەوە دواجار، ژمارەیان یەکجار زۆرترە لەوەی کە لە عیراق هەیە.

هیچ جێی سەرسوڕمان نییە کە زمانی کوردی تا ئەو ساتە تەنیا بۆ ئەدەبیاتی زارەکی بەکار هاتووە و لەوێوە بەڵگەی حاشاهەڵنەگر لەسەر زیندوویێتیی بەردەوامی ئەم زمانە بەدەستەوە دەدا. کوردناسی سۆڤیەتی کە لە سەرەوە ناوی هاتووە، تایبەتمەندییێکی چینایەتی دەداتە پاڵ ئەم داهێنانە زارەکییە میللییە. فۆلکلۆر -بە گوێرەی تێڕوانینی ئەو- ئامرازێکە دەرەبەگەگان بەکاری دەهێنن بۆ زاڵکردنی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر شوانکارە و جووتیارە کوردەکان. بێگومان ئێمە ناتوانین نکوولی لەوە بکەین کە تێمای زۆر کاری فۆلکلۆریی کوردی بریتییە لە مەزنکردنی پاڵەوانێتیی سەرۆکە جەنگاوەرەکان، بەڵام -بە شێوەیەکی گشتی- وا دیارە هاوکارەکەمان تەنیا چەند کاتیگۆرییەکی فۆلکلۆریی لەبەرچاو گرتووە و بەم شێوەیە بە مەبەست بابەتەکەی سنووردار کردووە. هەروەها نابێ ئەوەش لە بیر بکرێ کە ئەوە پێکهاتەی دەرەبەگایەتیی کوردستانە ڕێگەی پێ داوە، بە درێژاییی هەموو چاخەکان، تایبەتمەندیی خۆی بپارێزێ. هەرچی تایبەتە بە شێوازخوازی، پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕ تەرخان بکەین بۆ ئەوەی بە باوەڕەوە بڵێین زمانی چینی باڵادەست لە چیدا لە زمانی خەڵکی ڕەشۆکی جیاوازترە.

فۆلکلۆری کوردی کە بابەتگەلێکی زۆر فرەچەشنی تێماکان بەدەستەوە دەدا، بە تەك گۆرانیچڕین و هۆنراوەی داستانیی زۆر لێکۆڵدراوە، ئاپۆرەیەك لە شوێنەواری هەرەمەکی و تەوژمخوازە وەك شادەماری هەرە پاکی میللی. ئەوانە چەند نموونەی ئەم جۆرە هۆنراوە (لیریکیانە)ن کە ئێمە دەمانەوێ بیانخەینە ڕوو بۆ خوێنەران، لەگەڵ وەبیرهێنانەوەی ئەوەی وا لای ژ. بێدیێر، داهێنانە لیریکییەکان ئەوانەن کە زۆر زیاتر لە دەستی بێگانە ڕزگار بوون و زۆر چاکتر تایبەتمەندیی ڕەسەنایەتیی خۆیان دەپارێزن.

**

دوای پێشکەشکردنی ئەم تێبینیانە کە بێ‌سوود نەبوون، با ئێستە بچینە ناو کرۆکی بابەتەکە. ئەوەیان چەند لاوکێکە (وەك کورد بەو هۆنراوە کورتانەی دەڵێن) لە کۆکراوەکانم.

یەکەمیان کردەی شەڕی جووتە برا "بەشاری چەتۆ" و "جەمیل" لە هۆزی گەیلان (لە دەوروبەری مووش) کە دژی تورکەکان دەجەنگن، دەگێڕێتەوە:

((**دە هۆی هۆ! گەلی برادەرینە ئێمە وا لە شەڕداین. من بەشارم، بەشاری سوور و سپیم. من ناتوانم لەگەڵ حکوومەتی تورك‌دا، لەگەڵ فێڵ و خیانەتەکانیدا بژیم. ژوان لەگەڵ ڕۆح و گیانی خۆم دەبەستم کە تەقە لە لەشکرگەلی (سادە) نەکەم. ئەوانە تەنیا زارۆکی دەوڵەتن (تەنیا فەرمان جێ‌بەجێ دەکەن). من تەقە لە یووزباشی (کاپیتان)، مولازم (لیۆتینان) دەکەم. لە قەڵا سەختەکەی خۆمەوە وەك پڵنگێکی خۆمەڵاس‌داو لە پشت تاوێرەبەردێك بانگی شۆڕش هەڵدەدەم. دە هایێ بێمە هایێ. هەموو سێ ڕۆژ جارێك بەدبەختی بەسەر جیهاندا دادەبارێ... جەمیل سێ جاران هاوار دەکا: بەشار، براکەم، ڕابە، دەبێ کارێك بکەین ناومان بە**

**هەموو جیهاندا بڵاو ببێتەوە. دە هۆی هۆی! گەلی برادەرینە ئێمە لە شەڕداین)).**

جەمیل هاوار دەکا بۆ بەشار: ((**برا، تۆ دەزانی شێخ لە ڕۆژی هەینییێک**[1] **بوو هاتە لای ئێمە. ها بگرە ئەوەیان ئەنالی (چەکی مارتینی)، ماوزەڕ لە شانت مەکەوە و تەقە لە لەشکرگەل مەکە، ئەوانە زارۆکی دەوڵەتن. بڕوانە ئەوانەی کە شمشێریان بە قەدەوە دەسووڕێتەوە و بەندی شمشێرەکەیان بە زێڕ و زیوە، ئەوانە، بیانخە سەر زەوی. دە هایێ بێمە هایێ**)).

قەڵای مکوومی بەشار چەتۆ لە نزیکی کانییەکە. بەشار بە دەنگی بەرز هاوار دەکا و بانگی جەمیل دەکا: ((**ڕابە بە تفەنگی ئینالییەکەت تەقەیەك بکە. سوێند بە ڕۆح و جەستەم، با ڕوون و ئاشکرا بێ کە تا هەناسەم مابێ تامی نانی ترسنۆکەکان نەکەم. دە هایێ هۆی!**)).

ئەم نموونەی لاوکە نیشانەی سوارچاکیی کورد دەر دەخا. کورد زۆری بەدەست ستەمی دەسەڵاتدارانی تورکەوە چەشتووە. بەو پێیە کە کەمینەنەتەوەی بێبەش بوون لە هەموو مافێك، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ڕەت دەکەنەوە بەرپرسییەکە وەك نەتەوە بخەنە ئەستۆی تورکەکان. ئەوان تەنیا ڕقیان لە حکوومەت دەبێتەوە.

لاوکێکی دیکە دیمەنێکی ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕی کورد و تورکەکان نیشان دەدا:

**هۆ میرۆ! شەڕ لە پشتی مزگەوتەوە هەڵگیرساوە، دەنگی شەڕ لەو دیو مزگەوتەوە دەبیسترێ. (پیاوەکانی) شێخان تفەنگە ئەڵمانییەکانیان**[2] **هەڵگرتووە و چوونەتە پشت زیارەتگا. یاڵڵا، لە سەر قەبرستانەکانەوە لە "کڵاوسوور"ە (تورکەکان) بدەن. ئێمە چاوەشەکان (نایب زاپت)، باشچاوەشەکان (ئالیکار)، ئۆنباشییەکان (عەریف) و مولازیمەکان (لیۆتانەکان) دەکوژین. ئێمە گۆڕی باوکی بووقژەنەکان و ئەوانەی کە فووی پێدا دەکەن، دەسووتێنین. ئێمە لە دەورانی عەلی عومەر پاشاوە**

[1] واتە ماڵەکەمان موبارەکە.

[2] جاران لە کوردستان خواستی زۆری لەسەر بوو.

**هیچ باجێکمان بە هیچ حاکمێك نەداوە. شایەرێکمان بۆ بنێرن تا دنەی جەنگاوەرەکان بدا)).**

لەژێر شێوەی زۆر چڕوپڕدا، ئەوەیان وەسپی پێکداهەڵپڕژانێکی ئاساییی کورد و تورکە کە لەبەر داواکردنی باجسەندن لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە هەڵدەگیرسێ. تێبینیی وردەکارییێك لە لاوکەکەدا دەکەین، شایانی بایەخپێدانە: پەنابردن بۆ شایەر کە ئامادەبوونەکەی بۆ خۆی دنەی شەڕکەرەکان دەدا، شایەرەکە چەند بەیتێکیان بۆ دەخوێنێتەوە کە داستانی پاڵەوانێتیی دیکەیان بۆ دەگێڕێتەوە، لەوانەشە بە هۆنراوەیەك هانی جەسوورییان بدا.

**

ئەوەیان لاوکێکە باسی بەرەوڕووبوونەوەی لەگەڵ عەجەمەکاندا دەکا. ئەوە سەربوردەی جەعفەر ئاغایە، کە لە بۆسەیەکدا لە تەورێز، بانگهێشتی وەلیعەهد[3] کرابوو، کوژرا.

**هۆ، ئاغاوۆ گەنجۆ کە، لە چەهری**[4] **فرەڕەنگدا کە (کەوتووەتە) خەرەندێکی قووڵ و لە خوارەوە ڕووبارێکی پێدا دەڕوا (دەڕژێ). خودایە تاعوونی تێدا بگەڕێ و بەر ماڵی وەلیعەهدی ئێران کەوێ. وەلیعەهد نامە بۆ بابێ گولیزار [گولیزار ناوی کچەکەی جەعفەر ئاغایە] دەنووسێ: وەرەوە لای من. بەو پێیەی کە ساڵی پێشوو و دووساڵ دەبێ، "جەوهەر ئاغا" وەکوو نیمچە پادشایەك وابوو، ئەمساڵ لەسەر خاکی عەجەمان دەمێنێتەوە [واتە لەسەر خاکی ئێران دەمینێتەوە و ناڕوا بۆ تورکیای هاوسێ].**

**هۆ، ئاغای گەنجۆ! (تۆ) (لە کاتی شەڕدا) وەك نەوایەکی لەسەر زەوی، چقڵێکی لەناو چاوی دوژمن، پادشایەکی (ڕاستەقینە)ی بیابانی.**

((**هۆ، ئاغای گەنجۆ! لە ئاسمانەوە تا عەرشی بەرز دژی ئێمەیە... دوو تەقەیان لە جەستەی باوکی بۆزکۆ (کوڕەکەی جەعفەر ئاغا) کرد: سواری پشتی ڕیشان (ناوی ئەسپەکەیە) بوو و بە بێهوودە سێ جاران**

[3] وەلیعەهد لە دەورانی قاجارەکان هەمیشە حاکمی گشتیی ئازەربایجان بووە و پایتەختەکەشی تەورێز بوو.

[4] ئەوە (چەهریق)ە، نشینگەی ئاغاکانی هۆزی شکاك.

بنکەی ژین www.zheen.org

دەستی بۆ پەلەپیتکەی شەش‌تیرەکەی برد (بەڵام) بێ‌سوود بوو، ئاغاوۆ! هایێ بێ مە، هایێ...

((هەلهەلە لە تەورێزەوە بەرز دەبێتەوە ... خەبەری خۆش بەناو سەییدەکانی کەربەلایێ[5] بڵاو دەبێتەوە. هێلا، ئاغای گەنج، باوکی بۆزکۆ (تۆ) کە لە ناو سوارچاکان، سوارچاکێکی (لە هەموان) گەورەتری. هێدێ (ژنەکەی جەعفەر ئاغا) دەگریێ، موعتەبەر (ژنەکەی دیکەی)، ماڵوێران هەڵسەوە، دەسەسرێك بخە سەر جلەکانی باوکی بۆزکۆ تا تۆزی لێ نەنیشێ...

هێشتا تەمەر ئاغا و ئیسماعیل ئاغا (مام و براکەی جەعفەر ئاغا) وەدیار نەکەوتوون. بڵێی بەدبەختی هەموو سێ ڕۆژ جارێك بەسەر ئەم (خوارەوەی) جیهاندا بباری؟ هیمدادێ باوکی بۆزکۆ گەلێ دوورە و ناگاتە وی. لە تەورێزێ وێران-چرایەکان پێ دەبن و خەبەری خۆشی بەناو سەییدەکانی کەربەلادا بڵاو دەبێتەوە...)).

**

ئەوەی جێگەی داخە ئەوەیە کە کوردەکان وەکو ئەوەی پیاوی عەشیرەتن، چیایی دڵڕەق و گۆشەگیرن، هەر تەنیا لە دژی تورك و ئێرانییەکان شەڕ ناکەن، بەڵکوو لەنێوان خۆشیاندا لە جەنگێکی بەردەوامدان لەسەر لەوەڕگە و شەرەفی عەشیرەت ... هتد. ئەو لاوکەی کە ئێستەکە دەیخوێنینەوە یەکێك لە پێکدادانە خێڵەکییەکان، شەڕێکی براکوژی دەگێڕێتەوە.

((لە دۆڵی برنەوا، کلسین و ڕەق و ڕووت وەك گۆڕ، چاو بدە، باوکی صولحێ (ناوی کچەکەیە) بە چەکەوە سواری ئەسپێکی عەرەبی بووە، بە (ساز و تەدارەکی تەواوەوە) قەڵغان، زین و پۆشاکەوە. جەلالەدین بانگی فەقێ عوبێد دەکا: "خێرا کە، کەوابوو کاتی ئەوە هاتووە". ئەمە ساتەوەختێکی تەنگە، لە عوسمانکی زۆرۆ دوور بکەوە. وەك باوکی، دڵنیا نییە، دۆڵەکە نوقمی ناو تەمتومان دەبێ. گوێ لە دەنگی تەقەی ئینالی ڕابگرە، (تەقەتەق دەکا بەوەی قیژەقیژ دەکا لەسەر شانی براکەی عوسمان.. عوسمانی پیاوکوژ. زۆنگێك لەناو دۆڵەکەدا هەیە، بڕوانە ڕێگەی خۆکێشانەوە لەوێیە. کاتی ئەوەیە لە گردی غایدایەوە هیمداد بۆ ئێمە بێ. باوکی صولحێ لەسەر ئەسپێکی عەرەبی و نیسێ لەسەر ئەسپێکی مێرییە. پێکەوەن... دە هایۆ -هۆی!)).

دەبینین ئەسپی بەناوبانگ لە ناو هۆزەکاندا بەشداری لە ناوبانگی خاوەنەکانیاندا دەکەن. لاوکێکی دیکە لە ڕێی گفت‌وگۆی نێوان دوو عاشقەوە، دیمەنێکمان دەداتێ بۆ دنەدانی جەنگ لەنێوان دوو عەشیرەتی کوردی دوژمندا.

کچەکە بانگ دەکا: ((هۆ، خۆشەویستەکەم، هۆ کوڕە قۆزەکەم! من بە (تۆ) دەڵێم: (٣٠) سوار لە ئاواییی نوهووی دێرزووەوە وا دێن، نازانم کێن. (بەڵام گومان دەکەم) یەکێکیان وەزیر (باجگر) بابێ حەسەن بێ و دوورتر بابێ ئەمین و محەمەد عەلی سوارەی چاپووك (نزیك دەکەونەوە).. )).

خۆشەویستەکەی وەڵام دەداتەوە:

((هۆ سەیدی (ناوی کچەکەیە)! ئێستە قەسەم دەخۆم بە خودایێ بە بێ دوودڵی: کە تفەنگی بابی ئەمین چاکە.، تفەنگێکی بێگلیگە[6] (لە لایەن دەوڵەتەوە پێی دراوە). لە ڕۆژی تەنگانەدا سەد فیشەکان داوێ و یەکێکیشیان بەر زەوی ناکەوێ (بەڵکوو نیشان دەپێکێ)، لە کاتێکدا تفەنگەکەی حەمەی حاجی فلنگۆیە[7] و دەستکردی ناوخۆ و ژەنگ لێی داوە. با خاوەن‌ماڵ لەناو دۆزەخدا بسووتێ. لە ڕۆژانی جەنگی سەختدا ئەم تفەنگی فلنگۆیە ناتوانێ یەك تەقەش بکا. زنجیرە چیایەك لە سیرتی کۆلا هەیە. ڕابە و شمشێرکەت هەڵبگرە، قاچت باش بچەقێنە، تفەنگەکەت بکە شان، هیمداد جۆش‌وخرۆش بەرز دەکاتەوە... هیچ تەقەیەك بە فیڕۆ ناچێ..))

[5] کەربەلا شوێنێکی لەڕادەبەدەر پیرۆزی شیعەکانە کە ئیمامەکان، نومایندەی ئەم مەزهەبەی لێن.

[6] beglig: جۆرە تفەنگێکی کۆنی جەنگ بووە (وەرگێڕ)

[7] Flingot: چەکێکی دوورهاوێژ و خێرا بوو، ساڵانی ١٨٦٦-١٨٧٤ لە لایەن سوپای فەرەنسییەوە بەکار هێنراوە (وەرگێڕ).

بنکەی ژین www.zheen.org

لێرە سیفەتێکی دیکە دەخرێتە سەر زانیارییەکانی ئێمە لەبارەی سروشتی جەنگاوەرییەوە لای کورد: ئەو بایەخەی کە کورد بە چەکی دەدا، بە شیعرەوە وەسپی چاکی و خەوشەکانی دەکا.

**

دوای ئەوەی بیرۆکەیەکمان لەبارەی ڕۆحی جەنگاوەریی کوردییەوە بەدەستەوە دا و ئەو پاڵنەرە جەنگییانەمان کە لەناو لاوکدا ڕەنگ دەدەنەوە، وەدیار خست. با ئێستا لە جۆرێکی دیکەی هۆنراوە بکۆڵینەوە کە بە شێوەیەکی نایاب هەست و نەستی کورد وێنا دەکا: با گوێمان لە ئاوازگەلی زۆر ناسکتر لە ئاوازێکی بێهاوتا بێ.

کوڕەگەنجێک ئاوا ڕووی دەمی دەکاتە خۆشەویستەکەی:

**سەرەڕۆ! ناوی خۆشەویستەکەم شیرینە وەکوو شەکر، شیرینە وەك شەربەت (خواردنەوەیەکی شیرینە)[8]. (تۆ) تاقە دڵنەواییی منی. دەستبەردارت نابم. دەتبەمە ناو ئەو ژوورەی (کە) کەوتووەتە سەرووی دەرگە گەورە بەردینەکە. پەنجەرەکانی (ئەم) پەرستگەیە دادەخەم. لێو دەخەمە سەر خاڵەکانی سەر گەردەنێ و تا نوێژی نیوەڕۆ... وازت لێ ناهێنم. ئەمان ئەمان (هۆ بەزەییی!) بەخشندەیی، هۆ سەرەڕۆ! ئەم جەزیکە (ناوی کچەکەیە) نازدارە، کچی نووحۆیە بەر لە ساڵێك و (ڕەنگە) زیاتریش هۆش‌وگۆشی لە سەر بردووم. نازدارەکەی من زراڤە وەك شلکە درەختی ساوا، ناسك و پڕ گفتە. کەزی (پرچ)ی تا زەوی شۆڕ دەبێتەوە. (کەسێك) ڕادەسپێرم لە بازاڕی ماردینی سووتاو، بۆ خۆشەویستەکەم کە لە ماڵەوە (لای منە) جووتێك سۆلی بۆ بکڕێ، هەر یەکێکیان بە دوو پارچە زێڕ. وەختێك شایی[9] لە گوندەکەماندا دەگەڕێ، دەیکەمە پێیەکانی خۆشەویستە سەرەڕۆکەم. هەر جارێك کە سەرەڕۆکەم، درەختۆکە بەخشندە و خۆشەویستەکەم، دەچێتە ناو شایی لەناو خەڵکدا دەیناسینەوە. لێ ئەمان، لێ ئەمان!))**

پاشماوەی ئەم لاوکە وەڵامی مەعشووقەکە و خەبەرێکی خۆشەویستەکەیە کە گفتی پێ دەدا قایشێکی بە قورساییی شێست‌وشەش درهەمی زێڕ بۆ بکڕێ، هتد ...

تۆ بڵێی پێویست بەوە بکا ئاماژە بەوە بکەین کە ئەوەی وا تایبەتە بەم هۆنراوەیە لایەنێکی چاوەڕواننەکراوی ژیانی کوردەواری دەورووژێنێ. وێڕای ئەوەی کە کوردەکان موسڵمانن، کەچی ئازادییێکی زۆر بە کچەکانیان، بە ژنە مێردکردووەکانیان (ئەوانەی کە بڕێك جار دەگەنە پایەی سەرۆکی هۆزیش) دەدەن. گەنجەکان بە ئازادی بەیەك دەگەن و پێکەوە بەشداری لە خۆشنوودییەکاندا دەکەن و هاوسەریش بە ڕەزامەندیی هەردوو لا دەبێ.

لاوکی دواتر دیالۆگێکە ئەوە دیار دەخا کە هۆنراوەی لیریکیی کوردی خواستی زۆری لەسەر بێ. کچە گەنجەکە شووی بە پیاوێکی پیر کردووە.

**((لێ جانێ، لێ جانێ (هۆ ڕوحە چکۆلەکە!)، ڕۆحم بە قوربانی ڕۆحی تۆ بێ. کچەکە وەڵام دەداتەوە: "لۆ، لۆ کوڕۆ! هۆ کوڕەکەی من، تۆ (هێشتا) هەر منداڵی، پێت وا نەبێ (گەنج)یت بە بێ ئەوەی بە خۆت بزانی، پێت وایە زۆر تەڕ و ناسکیت (وەکوو میوەیەکی تازەی جوان)، لە ئەمانەتی خودادا بی. لەوانەیە مێردەکەم، چوندۆك، کە تەواو دەمخۆڵەمێشییە، بمرێ؟ ئەو کاتە لەوانەیە ڕۆحە گەنجەکەم بە نسیبی ڕۆحی تۆ بێ. دە هایۆ– هۆی، جانۆ (دووبارەبوونەوەی بڕگەی گۆرانییەکە)". – کوڕە وەڵام دەداتەوە–" هێ لێ جانێ. بەفر لەسەر بەرزاییی چیایەکانی گوندەکەمان دادەبارێ. بەسەر ناوەڕاستی ئەو گوندەدا کە نیوەی ڕووخاوە، داباری. پیاوەکان، هەموو خەڵك سەرقاڵی سامان و دەوڵەمەندی زەوی‌وزارن، (هەرچی منم) من تەنیا**

[8] لە زمانی فرەنسیدا بووەتە *Sorbet* و ئەم وشەیە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە.

[9] بە بازنەیی هەڵدەپەڕن، کچی گەنج و کوڕگەلی گەنج، دەست لەناو دەست پێکەوە هەڵدەپەڕن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەندەیێکی هەژاری خودام. تووشی داوی خۆشەویستیی چاوی بە ڕەنگ و بەژنی زراڤ بووم. دە هۆی-هۆی، جانۆ! لەیلا، خۆشەویستەکەم، بەفرێکی نەرم بەسەر سەرماندا دەبارێ. بەفرەکە چیایەکەی ئاوایییەکەمانی داپۆشیوە و تەپۆلکە (گرد)ێکی دروست کردووە. ڕێگە مەدە جوندۆکی مێردت، بە هیچ شێوەیەك دەست بۆ گەردنت بەرێ، چونکە ئەوە پەیمانێکە بۆ منداڵێکی هەرزەکار، کە دوورە لەسەر ڕێگە! دە هایێ، جانۆ!)).

**

بۆ ئەوەی خوێنەر زیاتر بۆ خۆی درك بە بەهای ئەم هۆنراوە لیریکیییە کوردیانە بکا، من لێرەدا دەوەستم، وەرگێراوەکانی لاوکەکانم، کە وەرگێراوە ئەدەبییەکەیان لەوانە نییە وەك پێویست ئیستاتیکای دەقەکان بەدەستەوە بدا، چونکە زۆر بە وردی بە چوارچێوە زمانەوانییەکەوە بەستراوەتەوە. ئێستا چەند نموونەیەکی هۆنراوەی کوردی بەدەستەوە دەدەم، لە نامیلکەی نایابی زانای هاوکوردناسیم، ر.پ. تۆمابوا وەرگیراوە، شارەزایێکی زۆری ئەم گەلەیە و ماوەیەکی دوورودرێژ لەناو ئەم گەلەدا ژیاوە ، پاکییەکی بەرزی ستیلەکەی پێوەیە[10].

ئەوەیان بە نموونە، گۆرانییەکی خەمبارانەی کچێکی کوردە، دەزگیرانەکەی ماوەی حەوت ساڵە ونە و بۆ جەنگ ڕۆیشتووە. کچەکە دەزگیرانەکەی بە کەوی باڵبەستراو دەچوێنێ، دان بە کەوەکانی دیکە دەدا، وا گۆرانی بۆ دەچڕێ:

**((چیایەکانی بەرز و ڕەوەز، بەردەکان ڕێگەی پێداچوونیان گرتووە**
**هۆ خۆشەویستە وێڵەکەم! تۆ کەوی گۆرانیچڕ، کەوی باڵبەستراوی سەر دوندی!**
**خۆزگە دەمتوانی ببوومایە بە یەکێك لە باڵندە کۆچەرەکان،**
**دەموەدەست بەسەر سلێمانیدا بسووڕابامایەوە.**
**تا بمزانیبایە خۆشەویستەکەم حاڵی باشە یان نە))**

ئەم کچۆڵە جوانانە هەروا ئاسان نین. ئەوەیان یەکێکیانە کە لە بیرکردنەوەی کەم نییە و دەزانێ چۆن بەرەوڕووی چاونەترسی دەبێتەوە. کچەکە دەیەوێ لای زەڕەنگەر (گولێکی زێڕین)ی بۆ دروست بکا، کە ژنانی کورد دەیانخەنە ناو گوێی چەپیان. گفتوگۆیەکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکا:

**گوڵە زێڕینەکەت بۆ دروست دەکەم**
**بە بێ ئەوەی بە مەقاش بیگرم**
**بە بێ ئەوەی بیخەمە سەر دەزگا**
**بێ ئەوەی چەکوشی لێ بدەم**
**پشت بە خودا لێشم پەشێمان نابیتەوە**
**ئەگەر جووتێك ماچم بدەیتێ!**
**تۆ نرخی ماچی من  بە هیچ دەزانی، ئەگەر تۆ لە بەرامبەردا ماچم بدەیتێ**
**حەوت گاگەل**
**حەوت ڕانەبزنی موولوول**
**حەوت پارچەزەوی**
**حەوت ئاسیاو،**
**حەوت دەزگای گوشین (میوەگوش)[11] کە کەر بیانگێڕن**
**حەوت پەرداخ شیری چۆلەکە**
**ئەمە هێشتا هەرزانە و بێنرخە!**

ئەم تابلۆ بچکۆلەیە ئەوە نیشان دەدا کە هونەرمەندانی کورد لە یەك کاتدا هەم زرنگ و هەم نازکن، جگە لەوە ئەوە بەرچاوخستنێکی کورتی چالاکیی سەرەکیی ئابووریی کوردستانیش نیشان دەدا. کچانی گەنجی کورد، وەك لە پێشدا تێبینیمان کرد، لە دەربڕینی لیریکییاندا لە هاوڕێ کوڕەکانیان خوارتر نین. ئەو هۆنراوەیەی کە دەیخوێنییەوە، لە یەکێك لە هەڵپەرکێ بازنەییەکاندا دەخوێندرێتەوە، بە جۆرێك کە کوڕە گەنجەکان و کچەکان دەستی یەکتر

---

10 «L'âme des Kurdes à la lumière de leur folklore», Beyrouth 1946 ; à Paris, Librairie A. Maisonneuve, 11, rue Saint-Sulpice, VIe

11 pressoir: واتە ئامێری گوشین کە لە کۆندا بە زۆری بۆ گوشینی میوە بەکاردەهێنرا، لە زمانی عەرەبیدا دەبێتە (معصرە) و لە کوردیدا من (دەزگای گوشین)م بەکار هێناوە، (وەرگێر).



بنکەی ژین www.zheen.org

دەگرن، قۆڵ لەناو قۆڵ، پێبەپێی پێ هەڵدەبڕن، بە توندی بەلادا دێن، لەکاتێکدا دەهۆڵ و زوڕنا بە توندی ڕیتمەکە دەکوتن:

دەترسم بمرم، هۆ دڵی خۆشنوود
ئەم پاییزە، دە لالۆ!
ئەم پاییزە! با تابووتم ئامادە بکەن، هۆ دڵی خۆشنوود!
لەژێر دارگوێز، دە لالۆ!
ئۆها! خۆزگە ماچم بکردایە،
هۆ دڵی خۆشنوود!
سێ گوارە بۆ کچ، هایۆ!
سێ گوارە بۆ کچ، دە لالۆ!
سێ گوارە بۆ کچان!

من تەنیا ئاماژە بە چەند کۆپلەیەك دەکەم– ئەوانی دیکە هەر هەمان تێبینیی ئەفسوونی سادەیی‌یان هەیە– بۆ ئەوەی بۆ دواجار دەقێکی تەواوی لایلایەیەك بەدەستەوە بدەین، کە پێویستم بەوە نییە، ئاماژە بە جوانیی بەرزیی لیریکی هۆنراوەکە دەکەم:

بنوو خۆشبەختی دڵ و چاوەکانم
دایکت بە دیارتەوە ئێشك دەگرێ!
بۆ ئەوەی بە زوویی گەورە بیت، هۆ بەدرخانەکەم
بنوو، خۆشەویستەکەم، بنوو، لۆ! لۆ!
بێدار مەبە، ئەمە ئێستا هیچ ناگەیێنێ!
بزانە بێشکەکەت بۆ تۆ گەنجینەیەکە!
بە بێ‌خەوی مەمێنەوە، چونکە کۆتایی‌یەکەی قورس دەبێ!
بنوو، خۆشەویستەکەم، بنوو، لۆ! لۆ!
تۆ جوانی وەکوو کۆتر و مەڕ،
هەتا فریشتەکان بەرانبەر بە تۆ خۆشنوودن!
ڕەگەزەکان بێ‌گەردن، دایکت بە قوربانییەکانی تۆ دەزانێ!
بنوو خۆشەویستەکەم، بنوو، لۆ! لۆ!
گەردوون کە دەسووڕێتەوە پڕییە لە ڕق دژی ئێمە!
ئێمە بەختمان نەبوو، دڵمان زامدارە!
ئێمە جگە لە گۆشەی ماڵ، چیتر هیچ نەوایەکی دیکەمان بۆ نەماوەتەوە!
بنوو خۆشەویستەکەم، بنوو، لۆ! لۆ!
نە موڵك و ماڵ، نە لەش‌ساغی، نە ئاسوودەگی!
بەڵای ناگەهان هەموو شتێکی لێ سەندینەوە
بەرگەگرتنی ئازاری دووروڵاتی سەختە!
بنوو خۆشەویستەکەم، بنوو، لۆ! لۆ!
چەرخی چارەنووس وەك (با) وایە.
ئەگەر ئێستا نەخولێتەوە، خودا بەخشندەیە!
بنوو خۆشەویستەکەم، بنوو، لۆ! لۆ!
زۆر قسە مەکە: ئێمە لە چ ڕەوشێکداین؟
بێ‌ئارام مەبە! بەم شێوەیە ئاخ هەڵمەکێشە!
کۆمەگ و بەخشندەیی خوداوەندمان لەگەڵن!
بنوو، خۆشەویستەکەم، بنوو، لۆ! لۆ.

بە مەبەستی لێدوان لەو ئاماژانەی کە ئەم لاپەڕە جوانەی بە خۆوە گرتووە، پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە مەبەست لەوە بنەماڵەی بەدرخان، سەرۆکی جزیرەی ئیبن عومەرە، ناسراو بە ڕاپەڕینی چەکداری دژ بە بابی عالی لە ساڵی ١٨٤٥دا. دواجار بەرامبەر بە باڵادەستیی بابی عالی شکستی هێنا و ڕەوانەی کۆنستانتینۆپڵ کرا، بەڵام ناوی هەتا هەتایە لە یادەوەریی میللیدا هەر زیندووە، نەوەکانی بەردەوامییان بە کاری نیشتمان‌پەروەریی خانەوادەکەیان داوە.

لاوك زانیاری‌گەلێکی وردمان لەبارەی هەست و نەستی کوردەوە بۆ بەدەستەوە دەدا و سەرباری ئەوەش بە کۆی شیعری ئەم گەلەمان ئاشنا دەکا. ئەگەر بوترێ دەشێ بڵێین؛ ئەم شیعرە (لە شێوەی ئەسڵی خۆیدا)[12] وێنەیەکی چرکەساتی، سەرنجدانی خێرا و کورتە، لە هەمان کاتدا گەوهەری فۆلکلۆر بە خۆیەوە دەگرێ. بابەتەکان زۆر بە ئاستەم نەخشەبۆکێشراون. برێك لە نیشانەکان بە بێ پێش کەوتن، بەڵام کاری زۆر بەرزی وەن، کە بە ڕای من لە ڕووی نوێخوازی و بەهای هەرەمەکییەوە لە بایەخدان بە پێکهاتەی زیاتر زانایانە و زیاتر ئەدەبیانەوە سەرچاوە دەگرێ.

[12] *In statu nascendi.*

دەشێ ئەوەش ڕێی تێبچێ کە ئەوی ئەمڕۆ پێی دەوترێ (لاوك)، لەگەڵ کشانەوەی زەماندا– ئەگەر بابەتەکە لە ئاستی گشتیدا ڕێ بدا– دەشێ وەکوو بنەمایەك لە خاڵی دەرچوون بۆ کارێکی زۆر گرینگتر دابنرێ. ئەگەر ڕەوشەکە بەم جۆرە بێ (ئەم پرۆسەیە تەنیا پەیوەست نییە بە شیعری میللیی کوردییەوە)، ئەوا هۆنراوە داستانییە گەورەکان کە ئێستا بوون بە کەلەپووری شیعری کوردی، جاران تەنیا پارچە پارچەیەك بوون و بە لاوك دەگوتران. لەگەڵ زەماندا لاوکەکان لەناو خۆیاندا نزیك بوونەوە و بوون بە یەکەیەك، بە شیعری خاوەن یەکێتیی بابەت، لە دەوری تاقە پاڵەوانێك بۆ نموونە.

کوردناسی ئاڵمان "ئۆسکارمان" بە سەرنجدانی بەدوایەکداچوون لە هۆنراوەی کوردی و پەیوەستبوون لە بەیتە درێژەکاندا بە پێشکەشکردنی لەسەرخۆ و هێمنی ڕووداوەکان و بەیتە زۆر کورتەکان و شێواوەکان لە تووڕەبوونێکی لیریکیدا، دەپرسێ داخۆ ناکرێ وەکوو بڕگەگەلی دەرەوەی دەقەکە سەیر بکرێن. هەروەك چۆن بڕگەگەلی پەخشانی لەم چامە داستانیانەدا دەبینرێن، دەشێ گریمانە لەسەر پێکهاتەی پارچەپارچەیی پێش شێوەی کۆتایی تەرخانکراو کە دواتر بە دابڕانی دووبارە بەرگری لە خۆی بکا.

ئەوەی کە تایبەتە بە هۆنراوەی کوردی، وا دیارە ئەویش ڕزگاری بووە لەو ڕێسا زمانەوانییە توند و سەختەی فارسەکان و عەرەبەکان. بێگومان دەتوانین دژی ئەوە بین کە لاوك شیعری ئازادە، لەگەڵ ئەوەشدا دۆزینەوەی قافیەی تێدا ئاسانە، بەڵام تەنانەت ئەو هۆنراوە داستانیانەش کە ئۆسکارمان بە بایەخپێدانەوە شیی کردوونەتەوە، جۆرێك لە ئازادییان تێدا هەیە بۆ ئەوەی نەڵێین پاشاگەردانییان تێدایە. شایەری کورد، بە قسەی ئۆسکارمان، لە خوێندنەوەیدا بۆ چامە، لە کاتی وتنی بەیتە درێژەکاندا پەلە دەکا و بڕگەی پێشووی کۆتایی بە شێوەیەکی ئاشکرا ناڵێتەوە، لە کاتێکدا بڕگەی کۆتایی وەکوو (تاقە هەناسەدانەوە)یێك دێت، تەنیا بۆ بەدیارخستنی قافیە؛ بە پێچەوانەوە، شایەرەکە بەیتە کورتەکانی بڕگە لیریکییەکە بە گوتنێکی خاوتر و قورسایی خستنەسەر قافیەکە، دەڵێ بەو شێوەیەی کە لە پێشەوە باس کرا. ئەم تێبینییە وا لە ئۆسکارمان دەکا ئەوە بە ئەنجام بهێنێ کە شیعری میللیی کوردی بێبەرییە لە ڕیتم و تەنیا قافیەی نێرینە و مێینەی هەیە[13]. ڕیتم بە هیچ کلۆجێ بە بارست دیاری ناکرێ، کورت بێ یان درێژ لەو بڕگانەدا کە لە بەیتەکەدا هەن، بەڵکوو بە ژمارەی بڕگەکان دیاری دەکرێ. بەیتێکی کورت ۷، ۸، بڕێك جار ۱۱ بڕگەشی تێدایە، بڕگەیەکی درێژیش لە ۱۵ تا ۲۰ بڕگەی تێدایە، بێ ئەوەی ئیمکانی ئەوە هەبێ ڕێسایەکی دیاریکراو لەبارەی بابەتەکەوە دابنرێ.

لە پێکهاتەی لاوکدا، دەبینین بەیتگەلی کورتی تا ۹، ۱۰، ۱۱ بڕگەیی هەیە، هیی درێژ دەگاتە ۱٦ و تا ۱۹ بڕگەش دەڕوا. سەرنج دەدرێ بڕگەی شیعری هەیە زۆربەی جار لە (٤) بڕگە زیاتر ڕەت نابێ، ئەمە ئۆسکارمان لای وایە تایبەتمەندیی شیعری میللیی کوردییە و لە یەشتی ئاڤێستا، کۆنترین شیعری ئێرانی و شیعری میللیی نوێی فارسی کە پرۆفیسۆر ف. م. جۆکۆسکی پێی ناساندووین، نزیك دەبێتەوە. دواجار قافیەکان کەم‌وزۆر تەواو مێینەن.

گێڕانەوەی هاوڕێم نیشتمانپەروەری گەورە و شاعیری کورد کامیران عالی بەدرخان[14] دژی تێزەکەی ئۆسکارمان دەوەستێتەوە. لویی مارن، کە ناسراوە لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی ڕیتمی شیعرەوەیە و بایەخێکی ئەتنۆگرافیی پێ دەدا، ناتوانێ باوەڕ بەوە بکا کە ڕیتم لە لای کورد نییە. بۆ ئەوەی لەم بوارەدا قەناعەت بهێنین، دیارە پێویستمان بە کۆمەڵێك لاوك و شیعری لیریکیی هاوشێوەی ئەوەی لای من هەیە. هەرچۆنێك بێ، تێبینییەکان بایەخی ئەوە دەردەخەن کە دەشێ لە لێکۆڵینەوەی نموونەگەلی شیعری میللیی

[13] Cf. O.Mann, *Die Mundart des Mukri Kurden*, t.II, Inhalt und Form der Ost-Kurdischen Volksepik, Berlin, 1909.

[14] ئامادەبووانی کۆڕەکەم، لە کۆمەڵەی ئیتنۆگرافیی پاریس، بەختی ئەوەیان هەبوو بە زمانی فەرەنسەیی و کوردی گوێیان لە هۆنراوەکانی بێ.

کوردیدا بیچنینەوە، تەنانەت ئەگەر تەنیا کەمە شێوازێکیش بەدەستەوە بدا، ئەوا بەڵگەنامەسازییەکی وردمان دەخاتە بەر دەست و ڕووناکییەکی نوێ دەخاتە سەر پرسی داهێنانی شیعری کوردی.

ڕەسەنایەتیی لاوك بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش لەوەدا دەکەوێتە ڕوو، ئەگەر بۆ نموونە لەگەڵ (چامە)دا بەراوردی بکەین، شێوازی دەربڕینی لیریکیی زۆر باو لای عەرەب، وا دەردەکەوێ لە نموونەی کوردیی تایینەوە نزیك بێ. لاوکی کوردی، ئەوەی لەبارەی شێوە و ناوەڕۆکەوە بێ، خاوەنی هیچ ڕێسایەکی توند و سەختگیر نییە، لە کاتێکدا چامە[15] (دیاری کراوە) بە ڕیساگەلێك (بۆ ئەوەی هیچی تێدا نەگۆڕێ)[16] و بەشێك دەگرێتەوە پێی دەڵێن نەسیب، کە شاعیری تێدا ورد دەبێتەوە لە جێهەواری بەجێماوی خێڵی دڵخوازەکەی، باسی یادەوەری، دیمەنی لێکدابران، جوانی و شۆخوشەنگی و پاشان باسی شەراب و ئارەزووەکانی دەکا؛ وەسپی حوشترەکەی (یا ئەسپەکەی) و گەشتەکانی شەوی بەناو بیاباندا، ئەو ئاژەڵانەی کە ڕاوی کردوون، ڕاووشکار. تەنیا لە بەشی دووەمدا، واتە لە (قەصد)دا شاعیری عەرەب جڵەوی خەیاڵی خۆی ئازاد دەکا.

دەبێ ئەم جیاوازییە بخرێتە پاڵ چی؟ بەو پێیەی کە دەوارنشینەکانی سەردەمانی پێش ئیسلام هەڵبژارد بۆ بەراوردکردن لەگەڵ کوردانی کۆچەردا، بەرەوڕووی دوو ناوەندی کۆمەڵایەتی، دوو حاڵەتی بیرکردنەوەی -بە شێوەیەکی ورد- لەیەکچوو بوومەوە، هەردوکیان لە هەمان ئاستی پێشکەوتندان. جیاوازییەکە پەیوەست بوو بە تایبەتمەندییە نەتەوەیی‌یەکان لای هەردوو گەل. سەرباری ئەوە، لەکاتێکدا ئەو پێشکەوتنە گەورەیە کە عەرووز و مۆزیك لە شیعری عەرەبیدا و وەڵامدانەوەی بە شێوەیەکی نایاب لە دووبارەبوونەوەی بڕگەدا بە خۆوەی بینیون، شتێکی ئاوها لە شیعری کوردیدا نابینین.

بێگومان ئەمە پەیوەستە بە شیعری میللیی کوردییەوە، نەك بە بەرهەمە شیعرییەکانی شاعیرە پێشکەوتووەکان کە بە شێوازگەلی عەرەبی یا فارسی شیعریان نووسیوە. ئۆسکارمان نزیکەی ٢٠٠ غەزەل و چامەی شیعری کوردیی کۆ کردووەتەوە، لێرەدا ئەم نووسەرە ئەدەبیانەی کە لە قوتابخانەی موسڵمانی خوێندوویانە، پسپۆڕی ئەدەبیاتی عەرەبی یان فارسین. ئێمە نووسەری ئەم هۆنراوانەمان بەلاوە گرینگ نییە، بەڵکوو دەمانەوێ ئەوەندەی بۆمان بکرێ لایەنی بەرین و ڕادەی هەبوونی توخمگەلی بە ڕاستی ڕەسەن لە هۆنراوەی لیریکیی کوردیدا دیاری بکەین. بۆ پشتبەستن بە تێزەکەی خۆم لەسەر شیعری عەرەبی، ئەوەیان دوو نموونەیە کە لە کتێبی "ت. ی. لۆرەنس"م وەرگرتووە کە کەس ناتوانێ نکوولی لە شارەزاییی ئەو لە ژیانی کۆچەریدا بکا: ((... شایەرگەلێك شیعرەکانیان لەبارەی جەنگەوە بۆ دەچڕن، بڕگەگەلێکی درێژی باو کە خاوەن (سیفەتگەلی چاوەڕوانکراو، هەست و نەستی چاوەڕوانکراو، هەتا ڕووداوگەلی چاوەڕوانکراون، لە سینەی پیرەکانەوە نەوە بۆ نەوە گوێزراونەتەوە...))[17].

دوورتر نووسیویە: ((لە ناکاو، ئاگادارکردنەوەیەکی کورتی تەمبوور: شایەری دەستەچەپ بە دەنگێکی بەرز تاقە بڕگەیەکی سەرزارەکی لەبارەی فەیسەڵ و لەزەتەکانی ناو تەختەڕەوان (کەژاوە)ەکەیەوە پێشکەش دەکا. دەستی ڕاست زۆر بە وردی گوێی بۆ بەیتەکە شل کردووە، جارێك دوو جار و جاری سێیەم بە تێکەڵییەك لە شانازی و ڕەزامەندی و گاڵتەجاڕی دووبارەی دەکاتەوە. بەڵام پێش ئەوەی بەیتەکە بۆ چوارەم جار بچڕێ، وەکوو ئاڵا، شایەری دەستەچەپ، ئەویش هەر بە زارەکی لەسەر هەمان کێش و هەمان قافیە وەڵامی

[15] چامەی عەرەبی لەناو ئەوانەدا کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە، ڕۆژهەڵاتناسی پۆڵۆنیایی پرۆفیسۆر چ. کۆوالسکی، بڕوانە کتێبەکەی:
*Na szlakach Islamu*, Cracovie, 1935.

[16] *Ne varietur*.

[17] Cf. T.E. Lawrence, *Les sept piliers de la sagesse*, p. 159, chez payot, 1947.

www.zheen.org

خەنیمەکەی دەداتەوە، بە شێوەیەك دەنگی خەنیمەکەی نزم دەکا. دەستی چەپ بە بێوەستان هاتوهاواری سەرکەوتن دەکا، دەهۆڵەکان لێ دەدرێن، پەرچەمی سوور بەرز دەکرێنەوە، هەموو پاسەوانەکان، دەستی ڕاست، دەستی چەپ و ناوەڕاست بە تیپی مۆزیکەوە دەست دەکەن بە ئاپۆرە و سروود دەچرن...))[18].

وا دیارە شاعیری عەرەبی دەمەکی (ئەزبەر) لێرەدا زیاتر لە هاوکارە کوردەکەی نزیك دەبێتەوە، لەگەڵ جیاوازییەکی زۆر کەمدا کە لۆرەنس ئاماژەی پێ دەدا: ((هەمان کێشی هۆنراوە و خاوەنی هەمان قافیە)). ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ کە لای عەرەب هەتا شیعری سەرزارەکیش پارێزگاری لە عەرووز دەکا، لە کاتێکدا سەختە ئەم ڕێسایە لای کورد پێڕەوی بکرێ.

دوایین وردەکاری لەبارەی هونەری شیعری کوردییەوە، تایبەتمەندییەکەی هەرچییەك بێ، ئەوە هۆنەرێکە دەخوێندرێ. قوتابخانەگەلی تایبەت -وەك ئۆسکارمان[19] ئاماژەی پێداوە- لە کوردستان هەن بۆ شیعر (شیعر وشەیەکی عەرەبییە لای کوردانی موکری بەکار هاتووە) و دەنگبێژەکان (وەك بەشی باکووری ڕۆژئاوای کوردستان وای پێدەڵێن)، واتە شیعرخوێنی میللی، ئەوە جۆرێکە لە قوتابخانەی گۆرانیوتن بایەخ بە شیعری داستانی دەدا. ئەو گەنجانەی کە دەنگیان خۆشە، دەچن بۆ لای مامۆستا (وەستا= ئوستاد بە فارسی) بۆ دەورکردنەوەی دەرسەکان و ئەزموون وەرگرتن لەم مامۆستایانە کە تەنیا لە ڕێگەی نەریتی زارەکییەوە بۆیان ماوەتەوە: ژمارەیەکی زۆر کەمی ئەم شیعرخوێنانە هەن کە دەزانن بخوێننەوە و بنووسن. جا ئەگەر ئەم گەنجانە کارامەیییەکی تایبەتییان نیشان دا، ئەوسا دەچن بۆ لای مامۆستای دووەم و سێیەم و دەبن بە شاگردی ئەم مامۆستایانە (دەبن بە خوێندکار لای ئەم). بێگومان ئەم شاگردانە وەکوو ڕێزلێنان و پێزانین کرێیەك بە مامۆستایەکەیان دەدەن و برێك کاری ناوماڵی بۆ دەکەن، یا برێك پارەی پێ دەدەن.

کەوایە دەبێ ئەوانە لە کوێ شارەزایی لە گۆرانیچڕیندا پەیدا بکەن؟ پێش هەموو شتێك لە ماڵی بەگزادەکان، بە جۆرێك کە ئارەزوومەندەکان کاتی شەوچەرە بە گوێگرتنی گۆرانیوتنی شایەرەکانەوە بەسەر دەبەن، درێغی ناکەن لەوەی (خەلعەت- خەلات) (کە یەکەمین مانای جلوبەرگی شەرەف دەگەیێنێ، بە زۆربوونی دیاری دەگەیێنێ) بدەن. زۆربەی جار شایەرەکان لە ئاواییەکاندا بە قاپێك برنج دەستبەردار دەبن. دواجار، لە چایخانەکان (زۆر وردتر ماڵی چای= چایخانە)ی شارەکان، کە بە شێوەیەکی گشتی خەڵکێکی زۆریان تێدایە و گوێگرێکی زۆریش هەن، دەبینرێن.

ئەوەی پێوەندی بەم بابەتەوە هەیە، ئەوەیە کە ئۆسکارمان ئاماژەی پێ داوە کارەکانی لەگەڵ ڕەحمان (زانیاریپێدەرە کوردەکە)دا بووە، ئەویش لە شاری ساوجبولاق (ئێستا شاری مەهاباد) یەکبینە هەڵی ئاهەنگێڕانی ساز کردووە. ڕەحمان کە لە ساڵێکدا تەنیا یەکجار لە ئاواییەوە دەهات بۆ شار و بۆ تەنیا ڕۆژێکیش لە کاتی سەعاتەکانی بێکاریدا دەرفەتی ئەوەی دەبوو زیارەتی یەکێك لە چایخانەکانی بکا، ئاسان نەبوو بۆ ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی ئۆسکارمان لە گوێگرە پەرۆشەکانی دابڕێ و بیباتەوە بۆ ماڵ.

ئۆسکارمان تێبینیی ئەوە دەکا کە چڕینی دەقێکی گۆرانی بۆ زەوقی ئێمە زۆر بێزارکەرە، گەشتیارە کۆنەکان سەرنجی ئەوەیان داوە کە شایەرە کوردەکان لە ئاوازخوێنی و گواستنەوەدا هەستونەستێکی دەربڕینی زۆریان هەیە. ئەم هونەرە، بە توخمێکی جیاکەرەوەی دیکەی کەسایەتیی کوردی دەژمێردرێ، ئێستا بەرەوە لەناوچوون دەچێ.

یادەوەریی بەهێزی ئەم پیاوانە -وا دیارە- تەواو پەیوەستە بە گۆرانیوتنەوە، ڕەحمان نەیدەتوانی بەیتەکانی دواتر لە کاتی نووسینەوەدا بەیاد بێنێتەوە، ئەگەر لەمەدا پشتی بە گۆرانیوتن نەبەستبایە.

---

[18] Cf. T.E. Lawrence, *Les sept piliers de la sagesse*, p. 187, chez payot, 1947.

[19] بڕوانە: بەرگی یەکەمی کتێبەکەی کە پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە، ل٢٨-٣٠.

بێگومان بەشێکی خوێندنەوەکان سەرپێیی بوون، بەڵام ئەمە زۆر لەوە کەمتر بوو کە یەکەمجار بۆی دەچووین.

لە کۆتاییی ئەم سەرنجدانە خێرایانەدا سەبارەت بە شیعری کوردی، ناتوانم بە بێ کاریگەری ئاماژە بە مەلا سەعیدی قازیی کوردستانی[20] نەکەم کە پێش سی ساڵ لە ورمێ (ئێستا ڕەزائییە) مامۆستای زمانی کوردیم بوو، مرۆڤێکی خاوەن فەرهەنگێکی کوردیی بەرفراوانی تەواو بوو و زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکیی وەك زمانی زگماکی دایکی دەزانی. هەروەها بە مانای کۆنیی وشەکە پیاوێکی نەجیبزادە بوو، لەگەڵ بیرکردنەوەیەکی زۆر فراواندا دوور لە هەموو دەمارگیرییەك، من بۆ زۆر زانیاریم لەبارەی کوردستانەوە قەرزباری ئەوم، هەموو شتێکی کرد بۆ ئەوەی تێم بەگەیێنێ، خودا ڕۆحی بە بەهەشتی بەرین شاد بکا.

**شیعری کوردیی**

**دکتۆر بەدرخان**

**هەتیوی**

وەرە با پێکەوە بچین
بۆ ناو قووڵاییی بێشەڵان
ئەو شوێنەی کە پاشماوەی شەو خۆی دەشارێتەوە
ئەو شوێنەی کە گەڵا وەریوەکان فەرشێك دروست دەکەن
جوانتر لە پێتەختی پاشایەك
دەڕۆین تا ئەو شوێنە دەچین
کە تێیدا ڕووناکی ونمان دەکا
ئەو شوێنەی کە هیچ شتێك ناتوانێ بە شوێنمانەوە بێ
هەتا سێبەری پێیەکانیشمان
لەناو ئەم جوانییە تاریکییەدا
دەمەوێ سەیری چاوەکانت بکەم
ژاوەژاو لێمانەوە دوور دەبێ

---

[20] مەلا سەعیدی شەمدینانی، یا مەلا سەعیدی قازیی کوردستانی، یەکێکە لە ڕووناکبیرە ناو ونە کوردەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم. مەلا سەعید بە فارسی لە بارەی ژیانی خۆیەوە بە خۆی نووسیوویە: ((بەندەی حەقیر، قازیی کوردستانی، مەلا سەعید لە هەرکییەکانی بێنازی شارۆچکەی نەهری، ناوەندی قەزای شەمدینانم. ماوەی دە ساڵ لە تەکیەی شێخ موحەمەدصدیق و کوڕەکەی سەیید تەها سەرقاڵی دەرسوتنەوەی زانستی بووم)). بە قسەی نیکیتین ساڵی ١٩١٥ کاتێك مەلا سەعید فەتوای دژ بە فەتوای جیهادی ڕاگەیێندراوی عوسمانی داوە، تەمەنی(٣٠) ساڵ بووە. بەم پێیە دەبێ ساڵی ١٨٨٥ یا بە لای کەمەوە لەم دەوروبەرانە لەدایك بووبێ. زستانی ١٩١٤-١٩١٥ مەلا سەعید لە بارەی ئەو فەتوا پێچەوانەیەی دژ بە فەتوای کوشتنی مەسیحییەکان داویە، بانگی لای قایمقامی شەمدینان دەکرێ و لەوێ زۆر بوێرانە داکۆکی لە بیر و ڕا مرۆدۆستییەکانی خۆی دەکا. ساڵی ١٩١٥، هەر دوای ئەوەی مەلا سەعید فەتوای دژ بە جیهاد ڕادەگەیێنێ، ڕاکێشی بەردەم دادگە دەکرێ و لەوێ زۆر بوێرانە داکۆکی لە بیروڕایەکانی خۆی دەکا. دوای ئەوە بە دەستبەسەری ڕەوانەی مووسڵ دەکرێ. لە ڕێگە لە لایەن لایەنگرەکانییەوە ڕزگار دەکرێ. هەر لە دەستپێکی هێرشی سوپای عوسمانیدا لەگەڵ زۆر خانەوادەی کوردی دیکەدا پەریوەی ورمێ دەبن. ساڵی ١٩١٦ دوای ئەوەی سوپای ڕووسیا بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی تورکیای عوسمانی و ئازەربایجانی ئێران داگیر دەکا، بازیل نیکیتین دەگوازرێتەوە لای کونسوڵی ئیمپراتۆریای ڕووسیا لە ورمێ و لەوێ دەبێتە سکرتێر و مامۆستای زمانی کوردیی نیکیتین و هەر بە یاریدەی ئەویش "نیکیتین" یەکەم فەرهەنگۆکی سەربازیی کوردی- ڕووسی لە ورمێ بڵاو دەکاتەوە. ماوەی ساڵانی ١٩١٦ تا کوژرانی لە تەمووزی ١٩١٨دا کۆمەڵێك گێڕانەوەی مێژوویی و سەربوردە و هەقایەتی کوردیی نووسیوەتەوە و بەشی زۆریان بوون بە کەرەستەی کارە کوردناسییەکانی بازیل نیکیتین بە زمانی فەرەنسی. مەلا سەعید بۆ نیکیتین، هەروەك مەلا مەحموودی بایەزیدی وابوو بۆ ژابا. ئەم مەلا ڕووناکبیرە بە قسەی نیکیتین: ((کوردێکی ڕاستەقینە)) و ((خوێندەوار و ڕووناکبیر)) بووە. زۆربەی دیالێکتەکانی زمانی کوردیی زانیوە و لە پاڵ ئەمەشدا زمانەکانی: عەرەبی، تورکی و فارسیشی زانیون. کارە کوردناسییەکانی نیکیتین بەشی زۆریان بەرهەمی قەڵەم و زادەی مێشکی ئەم مەلا ڕووناکبیرە کوردە ناو ونەن. تەمووزی ١٩١٨ لە ورمێ بە دەستی کورد خۆی کوژراوە، تا ئێستە ڕەوشی کوشتنەکەی زۆر ڕووناك نییە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

Mackenzie, D, N., “The Kurdish of Mulla Said Samdinanî”, In *The Journal of Kurdish studies*, volume I, Ed. Peeters Press, Louvain 1995, p. 1-27.

(وەرگێڕ)

www.zheen.org

کاتێك گوێ بۆ سینەت شل دەکەم
گوێم لە دەنگی ناسکی ڕۆحتە
ئەم هەتیوییە
کە پێش ئەوە پرچەکانی سپی بوون.

**سوڵتانە**

وەکوو تیشکی خۆرەتاو
لە سێبەردا،
لەناو کۆشکێکی ئەرژەنگدا
سوڵتانە وەك زێڕ دەبریسکێتەوە
لەناو چەکمەجەییێکدا
دەموچاوێکی جوان سەیری ئاوێنە دەکا
سوڵتانە لەناو گەرماوی خۆیەتی
یاسەمینێك
یاری بە ئاوی گەرم دەکا
بە دەوری سینەیەوە کە هێشتا
شیری پێدا نەهاتووە، دەخولێتەوە.
لە قووڵاییی چاوەکانیدا، سۆز
خەونی ئەفسوناویی
سوور و سپی، بۆنخۆش،
تەماشای ژیان دەکا
وەکوو دووکەڵ ڕا دەکا
لەناو باخچە دوورەدەستەکانی ڕۆژهەڵاتدا
ڕووناکی وەکوو شلە دەلەرێتەوە
تێکچرژاو بە وێنەکان
بە بێ ئارامی
وەك کۆچەرێکی ژێر ڕەشماڵەکەی
سوڵتانە لەناو بازنەیەکی بۆشدا
بەدوای چارەنووسی خۆیدا وێڵە
ڕۆحی پڕییە لە ڕاز، ڕادەکشێ
هەروەك ئەوەی لەسەر تابووتی مەرگ ڕاکشابێ
گەڵا وەریوەکان بە دەورییەوە و گوڵەکان
سوڵتانە بێدەنگە
گۆزەیەك پڕییە لە فرمێسك
تینوێتیییێکی نەشکاو
لێوەکانی بەدوای لێوێکدا
دەگەڕێن بۆ ماچکردن

**شوان**

وەرە با پێکڕا خەو ببینین
لەسەر ئەم لمە بخەوین
کە گەرم بووە بەم ڕووناکییە شێواوە
لەم ڕەشماڵە ڕووناکەدا
بە شنەبایەکی فێنك دڵمان دەدەینەوە
چاوەکانم یاری بە ئەستێرەکان دەکەن
هەڵواسراو بەم قوماشە جوانەوە
دەستەکانم لەناوی دەستی
لێوەکان لەسەر لێو:
ڕاچڵەکیو وەك جەستەیەکی (تا)دار
با زەمان لە یاد بکەین
زستان، پاییز، بەهار.
مەینەتی، شادی،
گەرماییی هاوین.
بۆ هەستکردن بە خۆشەویستی
گەرمترین خۆرەتاو
ناسك وەك هەنگوین و
پێوەدراو وەك مێشەنگوین،
هەڵخەڵەتێن وەك حەزی شتەکان
ڕاستەقینە وەك چقڵی گوڵەکان.
بەم شێوەیە شوانە لەگەڵ خۆشەویستەکەی دووا.
پاسارییەکان بە ئاسماندا ڕەت دەبن
خۆشەویستەکە وەڵامی دایەوە:
تۆ هەژاری، تۆ وەکوو (با)، بێ (خان)یت.

**چوارین**

لەسەر گوڵەکان فرمێسك دەبینم
سروشت شێواو نییە
ئایا ئەوە شەوە کە دەگری
لە چەمانەوەیدا بۆ لای گوڵ

**ئەم وتارە لەم سەرچاوەیە کراوە بە کوردی:**

-Basile Nikitine, «La poésie lyrique kurde», In «*Ethnographie*», années 1947-1950, n45, p. 39-53.

بنکەی ژین
www.zheen.org